کرماشان..تەرمی هونەرمەندێك لە ماڵەکەیدا دۆزرایەوە



پۆلیسی کرماشان ڕایگەیاند، تەرمی هونەرمەندێکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماڵەکەی خۆیدا دۆزرایەوە.

محەمەدڕەزا یاری، بەڕێوەبەری پۆلیسی کرماشان بڵاویکردەوە، تەرمی هونەرمەند عەلی فەرزامی، دوێنێ دووشەممە، 20ـی کانوونی دووەمی 2025 لە ماڵەکەیدا لە گوندێکی تەعاونی شارەکە دۆزراوەتەوە، لە لێکۆڵینەوەکانیاندا دەرکەوتووە؛ ئەو گۆرانیبێژە تەقەی لێکراوە و بەهۆی بەرکەوتنی گوللـە گیانی لەدەستداوە.

دەشڵێت: بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان، کەسێک بە ئۆتۆمبێلێکی جۆری پیجۆ پارس سەردانی ماڵی عەلی فەرزامی کردووە، بە دەمانچە تەقەی لێکردووە و دوای کوشتنی، هەڵاتووە.

ئاماژەی بەوەشداوە، ناسنامەی بکوژەکە لە لایەن هێزەکانیانەوە ئاشکرا کراوە، هەوڵەکانیان بۆ دەستگیرکردنی بەردەوامە.